وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:29**
**ڕۆژی دەرهێنان:2004/6/20**

پشت بە حوكمی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساكارییەی كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (43)ی ڕۆژی (2004/6/19)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (1997) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(29)ی ساڵی/2004**
**یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە(7)ی ساڵی (1992)ی**
**وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامیی هەرێمی كوردستانی عێراق**

**ماددەی یەكەم:**
برگەی(2)ی ماددەی یەكەمی یاساكە هەمواردەكرێ و، وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
وەزارەت: وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی.

**ماددەی دووەم:**
دەسەواژەی(وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی) لە هەر جێگایەكی یاسای ژمارە(7)ی هەمواركراوی ساڵی(1992)داو لە هەر یاسایەكی دیكەشدا هاتبێ، دەسەواژەی(وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی) جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی چوارەم:**
پێویستە وەزارەتە پێوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا دەخرێتە بەر كار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی**
**نیشتمانیی**
**كوردستانی ـ عیراق**

**هۆكارە زەرووورەكان**

شان بەشانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام كە ئایینی زۆرینەی زۆری ڕۆڵەكانی گەلی كوردستانە ئایینگەلی دیكەش هەن، سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراقیش جەخت لەسەر گیانی هاوگوزەرانیی نێوان ئایین و تایەفەكانی هەرێم دەكاتەوەو بۆ بەهێزكردنی تێدەكۆشێ و بە ئامانجی دەگەیەیێنێ و، بۆ ئەوەش كە بوار بۆ وەزارەتی ئەوقاف و دەزگاكانی بڕەخسێنێ و بتوانێ خزمەتی هەموو ئایین و تایەفەكان بكات لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە یاساكاری كرا.